گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کورد و ناوچە کوردنشینەکان لەسەردەمی ئیسلامی لە شیکاریەکانی ئینساکلۆپیدیای ئیسلام

**تارا محمد خدر**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
tara.khdir@su.edu.krd

**پ.د. حكيم احمد مام بكر**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
hakeem.mambakr@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/٢٣
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٦
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Encyclopedia, Source, West, Kurd, Orientalism*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.2.5

## پوختە

ئینساکلۆپیدیای ئیسلام, بە یەکیك لە دانراوە گرنگەکانی رۆژهەڵاتناسان دادەنرێ لەسەر میژووی ئیسلام و رۆژهەلات بە تێراونین و تیگەیشتنێکی رۆژئاواییانە، کە بۆ چەندین زمانی جیهاان وەرگێردراوە و بە تێروتەسەلی باسوبەسەرهاتی گەلان و نەتەوە جیاجیاکانی نیو جیهانی ئیسلامي لەخۆگۆتوە لە سەردەمە مێژووییەکانی کۆن و ناوەراست و نوێ، لە نێویشیاندا کورد و هەریمە کوردیەکانیش پانتاییەکی فراوانی گرتووە، هەر بۆیە ناویشاني توێژینەوەکەش (کورد و ناوچە کوردنشینەکان لەسەردەمی ئیسلامي لە شیکاریەکانی ئینساکلۆپیدیای ئیسلام) ئامانجیەتی شیکاریەکانی نێو ئینسایکلۆپیدیاکە لە بارەی کورد و ناوچە کوردنشینەکان بە پشت بەستن بە ریبازی وەسفی بەراوردکاری تاوتوێ بکات و خال بخاتە سەر ئەو لایەن و پێتانەی کە دەشێ لەبەر مەبنای هەڵسەنگاندنی زانستیانەی ئەو بابەتانەوە لە سەر رچەیەکی زانستیانە بخرێنە بەر باسوخواس. سەرباری بوونی هەر جۆرە کەموکورتی و رەخنەیەکیش لەو بابەتانەی کە لە بارەی کورد و ناوچەکوردنشینەکان هەیە بەلام ئینسکلۆپیدیا گەنجینەیەك لە زانیاری بە پێزی تێدایە چ لە بارەی دەسەلات و قەوارە کوردیەکان و جوگرافیاکەیان، خیڵەکان، کەلتور وزمانیان کە بەهای زانستیانەی ئینسایکلۆپیدیا دەسەلمێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. پێشەکی:

پەرەسەندن رەوتی زانستیی لە هەر بوارێكدا پەیوەستە بەرۆلی ئەو كارەكتەرانەی كە ئیشیان لەناو كردووە، واتە زانست لەبەرەو پێشە وە چوونیدا، بەبەهرە و هە ولَدانی زاناكان و كاری بە ردە وامیان لە م بوارەدا بەندە، هە لَبەت رۆژهةلاتناسـان بە م كارە هەلسـاون هە ولَی كوكردنەوەی زانیاریەكانی تایبەت بەرۆژهە لاتیان داو چەندین بەرهەم و نوسراویان لەم بوارەدا نوسیوەوە كە بۆتە سەرچاوەی زانیاری لیكۆلینەوەكان ،ئەگەرچی لە هەندی كاتدا مە بەسـت و ئامانجی تایبەت بەخۆیان هە بووەبە لام ئەكەر لایەنی مەعریفی و زانستیەكەی وەرگرین دەتوانین وەكو كۆكراوەیەك سەیر بكەین. یەكیك لەو بەرهەمانەش كتێبی ئینسـایكلۆیدیای ئیسـلامە. دیارە ئەم كتیبە لەچەند بەرگێك پیك دیت ,چەنـدین بـابەتی مێژووی رۆژهەلات و نەتەوەكـان لەخۆوە دەگرێـت . كوردیش وەكو یەكێـك لە نەتەوەكۆنەكانی رۆژهەلات باسـی لێوە كراوە.بەجۆرێك مێژووی سـەردەمی كۆن و ناوەراسـت و نوی ئاماژە پیكراوە. ئەوەی لەم توێژینەوەیە تیشكمان خستۆتە سـەری زیاتر بۆ باسـی رەچەلەكی كورد و رەگەزی كورد دەسـتەواژەی كوردسـتان جوگرافیای ناوچە كوردی و كوردنشـینەكانە، دەچێتە قالبی مێژووی سـەردەمی ئیسـلام .بەجورێك چۆن رۆژهەلاتناسـان سـودیان لە سـەرچاوەكانی سـەردەمی ئیسلام وەرگرتووە.بۆ كۆكردنەوەی زانیاریەكان .

ئەم توێژینەوە یە لەتەوەری یەكەمدا چەمكی كورد لەرووی رەگەز و نەتەوەو دەستەواژەی كوردستان لە مادەیەكی تایبەت لە ئینسـایكلۆپیدیا (كوردو كوردسـتان ) نزیكەی چل پەرێك پیك هاتووە. بەراوردكاریەكمان خسـتۆتەروو. تەوەری دووەمیش باس لە هەرێێنج هەرێمەكورد و كوردنشـینەكان دەكەین .لە چوارچێوەی زانیاریەكانی ئینسـایكلۆیدیا. بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی سـەردەمی عەباسـی لەم هەرێمانە تیشكی خراوەتە سەر.لەگەل ئەو رەخنەو تێبینیانەی بۆ باسی هەرێمەكان خراوەتە روو، راسـتی لە بەكارهێنانی سـەرچاوەكان. ئەگەرچی زۆر لیكۆلینەوە و كتێب لەسـەر رەچەلەكی كورد و هەریمە كوردیەكانی سەردەمی ئیسلام نوسراوە،و لە زۆربەی كاتدا ئینسایكلۆپیدیا پشتی پیبەستراوە . بۆیە ئەو رەخنەو تێبینانەی باس كراوە.ئەو ئاستەنگانەی كە لەبەردەمان بووە زۆریی سـەرچاوە بوە بۆ باسـی كورد و هەرێمە كوردیەكان ئەگەرچی هەولمانداوە ئەوەی ئینسـایكلۆپیدیا بەكاری هێناوە بچینەوە سـەر بۆ ئەوەی بەراوردی بكەین. بەلام گرینگترین ئەو سـەرچاوانەی كەبەكارمان هێناوە كتیبَی ئینسـایكلۆپیـدیـای ئیسـلامە،لەگەل زۆربەی سـەرچـاوەی ولاتنـاس و جوگرافینـاس و

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشتیارەکانی سەردەمی ئیسلام بۆ باسی هەرێمە کوردی و کوردنشینەکان ،هەروەها گەراینەوە سەر چەند ژێدەریك و لیکۆلینەوە زانستیەکان .دیارە هەر کارێکیش زادەی عەقڵ و دەستی مرۆڤ بێت ئەوا بەدەر نابێت لە کەم و کورتی هەرچەندە توێژەر هەموو هەولێکی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم توێژینەویە کەمترین هەڵە یاخود هەر هیچ نەبێت بە دووری بگرێت لە هەڵەی گەورە، لە کۆتایشدا تەواوی ڕەها تەنها بۆ پەروەردگارە.

## 2. باسی یەکەم: چەمکی کورد و خستنەڕووی تێبینیەکان

ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام ژێدەرێکی گشتییە لەڕووی نەتەوە شوێن لە ڕۆژهەڵات وە باسی کورد و جوگرافیاکەی وەکو نەتەوەیەکی کۆنی ڕۆژهەڵات دەتوانین بڵێین تێڕوانینێکی بێ لایەن بووە. چەندین زانیاری و ڕووداوی مێژووی کەلتوری خاک، دابونەریت و زمان بەرهەمە بڵاوکراوەکانی سەردەمە جیاجیاکان لە خۆوە دەگرێت، کارێکی گشتییە دەربارەی کورد.

### 2.1: خستنەڕووی زانیارییەکان لە مادەی کورد و کوردستان

ڕوانگەی مێژوویی بۆ کورد و کوردستان باسێکی دوور و درێژی ڕەوشی کوردە لە دیدی نوسەرە ڕۆژهەڵاتییەکان و بە قەلەمی ڕۆژهەڵاتناسانەوە. ڕووناکی خستۆتە سەر زۆر لایەنی جیاواز، لە بنەڕەتدا باسێکە وەکو نامیلکەیەکی بچووک یاخود وەکو دۆسییەکی بڵاو کراوەیە بریتییە لەبەرچاو پێشخستی مێژووی فرە لایەنەی کورد، دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواری ڕەگەز، جوگرافیا، مێژوو، زمان، ئاین، پێکهاتەی کۆمەلایەتی خەڵکی هۆزگەری کۆن و ناوەڕاست، نوێ، هەروەها تیشک خستنەسەر لایەنی سیاسی و دەسەڵاتە دەرەکیەکان و ناوخۆیەکان لەگەڵ دەسکەوتە میللی و کەلەپوریەکان جگە لەبەدیار خستنی ئیتنیکی کورد، لایەنی ئابووری وکەلەپور،و دابونەریت،و زمان. بەجۆرێک لەبەراییدا بە کورتی باسیان دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکی ماددەکە بە پێی کات و سەردەم مێژووەکەیان دەخاتەڕوو.

سەرەتا پێناسە بۆ کورد و کوردستان مێژووی ڕەوشی کورد، ڕەگەز، دەستەواژەی کوردستان دەکات، سنوری کوردستانیش بە پێی مێژووی سەردەمی نوێ دیاردەکات لەگەڵ گۆڕانکارییە سنوورییەکان لە بەربەرەکانێ عوسمانی و سەفەوی .The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 441پاشان وردبوونەوە لە ناوچە کوردییەکان لە سەردەمی ئیسلام و فتوحاتی عەرەبی ئیسلامی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە کاریگەری بۆ دیارکردنی سنوورە بەشەکانی کوردستان The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 450 ، هەروەها گرنگی ناوچە کوردییەکان لەسەردەمی فتوحات، لە شاری( زۆزان)[1] و موسڵ کوردەکان دەردەخات و ئەویش بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان، The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 450-457، جگە لەمە تیشك دەخاتە سەر کورد لە ناوچە جیاجیاکاندا بۆ نموونە لە هەرێمی فارس The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 450، باسی ڕێژەی ژمارە کوردەکان و ئاماری کەمە نەتەوایەتیەکان وە بوونی کورد لە ناوچە ناکوردستانیەکان، لەسەردەمی مێژووی نوێ دەکات، لە هەمان کاتدا The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 441، ئاماژە بەوە دەکات ڕێژەی تەواوی دانیشتوانی کوردستان لەبەردەستدا نین.

دەربارەی سروشتی جوگرافی و خاسیەتە سروشتیەکانی وڵاتی کورد لە دوو زنجیرە چیای بڵند: زنجیرەی یەکەم چیاکانی بەشی تورکی و چیاکانی تۆڕوس لە ڕۆژهەڵات تاکو کەناراوەکانی دەریایی ناوەڕاست، زنجیرەی دووەم چیاکانی ماد لەلای باشوریەوە بە شێوەی هیلال درێژ دەبێتەوە The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 451. سیفەتە مرۆڤایەتییەکان و وردەکاری، وێنەی کارگێڕی کۆمەڵگای کوردی لەڕووی دابەشبوونی گوند و شارەکان لەگەڵ دروستکردنی خانوو هەروەها بەرهەم و داهاتە سروشتیەکەی و وەکو کانزاو بەروبومە جۆراو جۆرەکان The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 450. ژیانی سەرەتایی مرۆڤ لە ناوچە کوردییەکان، پەیوەست بوون بە ئەشکەوتەکان وەکوو هەزار مێرد و شانەدەر کە چۆن شوێنی یەکەمی مرۆڤ بوون، هەروەها ئەو بوونەوەرە زیندوانە و گیانلەبەرانەی کە لە دۆڵ و کێوەکانی کوردستان هەبوون، کە تاکی کوردی لەسەرەتادا بە پیشەی ڕاوچیەتی بەستۆتەوە یاخود ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە خێزانیە کە بە پیشەی بازرگانی لە گوندەکان خەریك بوون The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 444-446، خاڵێکی گرنگی دەستپێکەکە بریتییە لە باسی مێژووی دووروودرێژی کورد لە پێشی ئیسلام سەردەمی ئیسلام و سەردەمی نوێ، لە باسی مێژووی کۆنی کوردا پۆلێنکردنی لە نێو نەتەوەکانی ئێران بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر داتای مێژووی زمانەوانی باسی کراوە، و ئاڵۆزی ڕەگەزی کورد لە ڕووی شوێنی جوگرافی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەســتەواژەی و وشــەی (کورد)، کە هەر لە ســۆمەرییەکانەوە تیشــکی خراوەتە ســەر The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 447-449.

مێژووی کورد لە سـەردەمی ئیسـلام تاکوو سـەدەی بیسـتەم، کراوە بە خاڵێکی بەرایەکەی کەباس لە هاتنی ئیسلام و سەردەمی تورک و دەسەڵات و کەسایەتییە کوردییەکان پێش سەردەمی سەلجوقی دەکات کە چۆن دەســەڵاتی خۆجێیی و هۆزایەتیان هەبووە، وە هەروەها باســی لە میرنشــینەکان دەکات، سەرەڕای سەردەمی مێژووی دەولەتی ئەیوبی و کورد لەسەردەمی مەمالیک و ئیلخانییەکان، بەڵام لە هەندێ جاردا نمونەیەکی بۆ هێنراوەتەوە The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 449-464.

مێژووی نوێی کوردیش لە باســی هۆزە کوردییەکان و ســەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەتی میرنشــینە کوردییەکان و دەســەڵاتی زەندی و هێزە حەمیدییەکان و پەیوەندی کورد ئەرمەن تورک دەکات. The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 446.

**بەشێکی تری ئینسایکلۆپیدیا لەبارەی مێژووی کورد لەساڵی ١٩٢٠ وە تاکو ڕۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسەکان:**

باس لەسەرەتای سەدەی بیستەم و ڕاپەرینی کەسایەتییە کوردەکان و داگیرکاری تورکی و سەفەوی چارەنوسـی کورد لە نێو ئەم دوو دەسـەڵاتە داگیرکاریەو لەگەڵ ڕاپەڕینە کوردییەکانی سـاڵی ١٩٢٥ لە کوردســتانی باشــوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و دەســەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، تەنانەت کوردەکانی سـوریا و لوبنان و دەسـەڵاتی هاوپەیمانان لە کوردسـتان The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 464-470. یەکێـک لەو بـارودۆخـانەی کە کۆمەڵـگـای کـوردی پـێ دەناسـرێتەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، باری ژیانی کوردە، کە چۆن لەسـەر بنەمایەکی بەهێز و بەتین دامەزراوە، هەندێکیان کۆچەر بوون و ڕێژەیان کەم بوو، چونکە زۆربەیان نیشـتەجێی و خاوەن گوند بوون، لە ژێر ســایەی هۆزایەتی ژیانیان بردۆتە ســەر، هەروەها ســەرۆک هۆز و پیاوانی ئاینی و تەریقەتەکانی نەقشبەندی و قادری ڕۆڵیان هەبوولە بەڕێوبردن The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 470-477. لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە کورد جیادەکاتەوە لە نەتەوەکانی تر بێگومان زمانە، باســی لێوە کراوە بەجۆرێک لە چەند دیالێکتێک هەر دیالێکتێک شــوێنی جوگرافی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها فۆلکلۆریش یەکێکە لە سیما نەتەوەیە کوردییەکان کە پێی دەناسرێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەویش لە پەندی پێشینان و بەیت و باڵۆرە شێوەی گۆرانی، چیرۆک کە چەندە باو بووە ئاماژەی پێ کراوە، ئەدەب و رۆشنبیران و نوسەرە هەڵکەوتووەکان بەدیار دەخات، کەسایەتی لە سەردەمی ئیسلام سەردەمی مێژووی نوێ دەخاتە ڕوو The Enyclopeadia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 479-487

## 2.2: چەمکی (کورد) و بنچ و بنەوانی لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام

بنچینەی وشەی کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام لەلایەن رۆژهەڵاتناس مینۆرسکی کە مادەیەکی کۆکراوەیە باسی لەمادەی (Kurd Kurdistan) کردووە، پشتی بە چەندین سەرچاوەی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایەکان بەستتوە، جێگەی تێبینی یە خاڵی یەکلاکردنەوە و کۆتایی بۆ ڕەچەڵەک و شوێنی و رەگەز بەدەستەوە نادات، بەڵکو ڕاخستنی زانیارییە کە لە چەند سەرچاوەیەک ئاماژەی بۆکراوە، چونکە کاری نوسینی ئینسایکلۆپیدیا کۆکردنەوەیە هۆکاری نەگەیشتن بەشیکردنەوەی وورد بۆ بابەتەکان بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

1. نەبوونی سەرچاوە و مێژوونووسی کورد لە سەردەمی ئیسلام بۆ باسکردنی کورد لەرووی ڕەگەز و شوێن و بنەچەکەی.
2. لێکۆڵینەوەکان بۆ بنەچەی کورد نەگەیشتوونە کۆتا دەرخستن بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بەکوردەوە هەیە لە کۆن، دەیبەستنەوە بە نەتەوەی تر.
3. زۆربەی لێکۆلینەوەکان بەگوێرەی بیروڕای پێشوی خۆیان وەک یەک بۆچون دەدوێن.
4. بۆچونەکانی مینۆرسکی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەبەرەی لایەنگری نێوان ئێران و ڕوسی لە مێژووی نوێدا، بەتایبەتی و کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆنی ئەو نەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی فارسەکان بوون .
5. لێکۆڵینەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکان تایبەت بە ئەتنیکی کورد پەیوەستە بە دانیشتوانە هاوسێکانی بۆیە مەترسییەکە لەوەدایە ڕەچەڵەکیان تێکەڵ بە یەکتر بکرێت بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی جێگا و قۆناغی مێژوو و زمان و بنەما کۆمەڵایەتی و ژیاری کورد.
6. ئەتنیکی کورد لەژێر باری چەوسانەوە دابوو جا چ داگیرکەرانی دەوروبەر یان چەوسانەوەی هۆزایەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سەرەڕای ئەم خاڵانە بەڵام سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی زانیاریەکانی (مادەی کورد و کوردستان) بۆهەر یەک لە وشەی کورد و دەستەواژەی کوردستان بەم شێوەیە :**

1. **وشـــەی کورد**: کۆنترین وشـــەیە کە بۆ نەتەوەی کورد لە ئینســـایکلۆپیدیا بەکار هاتووە زاراوەی کوردە، The Encyclopedia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V. 5 PP. 439 . بۆساغ کردنەوەی وشـــەی کورد لە کۆندا گۆڕانکاری کەمێکیش هەبێ هەر هەبووە، لە نوســـینی ســـۆمەرییەکان ناوچەیەک خەڵکەکەی بە (کاردا) ناســـرابوون.( ئەفرەغ، ٢٠٠٩، ل١٩. زەینەفۆنیش باســـی تیرەی (کاردۆ و کردۆخیەکانی )کردووە، لەشکرکێشیەکەی ئەویان خستۆتە مەترسییەوە. (رحلە، ١٩٨٥، ١٦٦-١٨٠؛ نور مائی ، ٤١- ٤٢).

ناوی هاوبەش ( کارد - کاردۆ - کاردۆخ) لەگەڵ کورد هاومانا بوونە، چونکە لەسەدەی دوانزەمی زاینی وشەی کورد لەجیاتی کاردۆ بەکار هاتووە، کاردۆ ون بووە. (ئونقیچۆفسکی، ٢٠١٦، ١٨). ئەگەر جیاوازی هەبێ لەنێوان ئەم زاراوانە ئەوا مەبەســـت لە کوردەکانی فارس و کوردەکانی باکوری ســـوریا چیای تۆرۆس، کێشـە بۆ ڕەچەڵەکیان دروسـت نابێ. (زەکی، ٢٠٠٠، ٣٧) هەروەها لای ڕۆمەکان و سـریانیەکان بە وشـەی کاردۆ ناسـرابوون، (رەشـید، ١٩٨٤، ١٦٦). لەسـەرچاوەکانی سـەردەمی ئیسـلام وشـەی کاردۆ نوسراوە بۆ مێژووی کۆن، (الطبری، ٢٠٠٨، ج١، ٤١٢) . ئینسایکلۆپیدیا وشەی کورد لە سەرەتا بەکۆنترین دەســـت نیشـــان کردووە The Encyclopedia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V. PP. 439 . بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەند بیر و رایە خستۆتە ڕوو بەجۆرێک کاردا و کاردۆخ - کورد لەیەکتر جیادەکاتەوە بەپێی کات و سەردەم The Encyclopedia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V. 5 PP. 448 .

2. **ڕەگەزی کورد**: ئینسایکلۆپیدیا ئاماژە بە وشەی (Ethnic)ی کوردەکان دەکات، ئیتنۆ خۆی لەخۆیدا ڕەوتی مێژووی دروســـت بوونی میللەتە بۆ تیشـــک خســـتنەســـەر ڕەگەز و نەژاد لەســـەرەتای پەیدابوون و ســـەرهەڵدانییان. ڕەگەزی کوردیشـــی گەڕاندۆتەوە ســـەر خەڵکی ئێران The Encyclopedia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V. 5 PP. 439. ئەو بۆچوونەی مینۆرســـکی دەخەینە ژێر پرســـیارەوە، لەو ســـەرچاوانەی کە وەریگرتووە، بەنزیکەی دوانزە ســـەرچاوەی ڕۆژهەڵاتناســـان، خســـتۆتە ڕوو لەبارەی گەلانی ئێران و کورد نوســـیویانە، بەڵام ئینســـایکلۆپیدیا کۆکراوەیەکی گشتییە لە دەرخستنی تێبینیەکان، پرسیار ئەوەیە کەمتر تیشک دەخاتە سەر بیرورا جیاوازانە کە ڕەگەزی کوردی بۆ نەتەوەی تر دەگەڕێتەوە، وەکو هیند و ئەورووپیەکان. (تابانی

٢٠١٠،٦٠). لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرنجێکی تردا ڕەگەزی کورد ئەو زمانانەی کە پێی ئاخاوتوون، هیچ تێکەڵاویەکی لەگەڵ زمانی سامی و هیند و ئەوروپییەکانەوە نییە. (زکی، ٢٠٠٠، ٤٢). بەڵام نەتەوەی کورد جگە لە زمان و نەژاد، سیفەتی تایبەت بەخۆیان هەیە و لەو نەتەوانەن پێش ئاری و ئێرانییەکان لەو شوێنانە نیشتەجێ بوون. (تابانی، ٢٠١٠، ٦٨). بەڵام ئەم لێکچوونە کەمەی لەنێوان زمانی کوردی و فارسی هەیە بەبەراورد لەگەڵ جیاوازیەکان زۆر زیاترن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار لەکۆمەڵەی هیندۆ ئێرانی دادەنرێت (زەکی، ٢٠٠٠، 47). سەرەڕای ئەوەی شەرەفخانی بەدلیسی بەمێژوو نوسێکی کۆنی کورد دادەنرێ ئەویش رەگەزی کورد دەگەڕێنێتەوە سەر ئێرانییەکان تەنانەت دەڵێت( کورد ئێرانین). (١٩٧٣،١١٠). ئەم پۆلێنکردنەی مینۆرسکی لە ئینسایکلۆپیدیا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر هەیە ، چونکە بۆچونەکان لەسەر بنەمای لێکچوونی زمانەوانی و مێژووی دانراوە. لێکدانەوەکانی عەرەبیش لەمە بەدەر نییە کە ڕەچەڵەک و رەگەزی دەگەڕێتەوە سەر عەرەب و سامی وەکوو(المسعودی)، دەیانگەڕێنێتەوە سەر عەدنانییەکان لە لقی رەبیعە یاخود قەحطانییەکان جگە لە بۆچوونە ئەفسانەیەکەی بۆ جنۆکە گەڕاندویەتییەوە (دت، ج٢، ١٢٤).**وە الزبیدی مردوو لە (١٢٠٥ک ١٧٩٠ز) دەڵێت** :((کوردەکان تیرەیەکن لە جنۆکە لە بەلقیسی حەزرەتی سولەیمان کەوتوونەتەوە،)) ئەویش دایکی جنۆکە بووە. (مادە کرد، ١٩٨١، ج٦، ١٤٧). بەگشتی زۆرلە سەرچاوە عەرەبیەکانی سەردەمی ئیسلام ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێنەوە، سەر عەرەب، (الاصفهانی، ١٩٥٩، ج٢، ٥٤٢؛ ابو الفداء،المختصر، ج١، ٨٣).

3. **دەستەواژەی کوردستان** :سەبارەت بەوڵاتی کورد و کوردستان، چەندین بارودۆخی سیاسی بەخۆیەوە بینیوە لە ڕووی ناساندنیشەوە، دەستەواژەی کوردستان بەکارنەهاتووە، لەڕووی جوگرافیی وڵاتی کوردان، یاخود وڵاتێک بە ناوی کوردستان زۆربەی دانیشتوانی کوردبوون. بەڵکو نیشتیمانی کورد چیاکانی زاگرۆسی پێوتراوە. چونکە کوردستان سەردەمی سەلجوقی سنوری ڕۆژئاوای زاگرۆسی دەگرتەوە. (زەکی،٢٠٠، 15). لەسەردەمی یۆنان و ڕۆمەکان تاکو سەردەمی ساسانی و سەرەتای ئیسلام. ناوچە کوردیەکان سنورێکی تایبەت بەخۆیانەوە نەبووە. سەرەڕای ئەوەی ئاماژە بە چەندان شوێنی نیشتەجێی کوردی کراوە، بەڵام جۆرێک لە دابەشکردن هەبووە، بۆ چەند هەرێمێک هەندێکیان زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، وەکو هەرێمی

جەزیرە، بەشـێکی فراوانی سـنوری کوردان کەوتۆتە ئەم هەرێمە تەنانەت (الجزیرة الاکراد) ناسـراوە. (ابن شـداد، ۱۹۸٦، ق1، ج1، 213 جدی، مادە کوردسـتان، 1971،ج7، 115). هەرێمی چیاکانیش یەکێکە لەو هەرێمە کوردیانەی بەتایبەتی لای ڕۆژئاواکەی لەسـەدەی چوارەمی کۆچی دەیەمی زاینی بووە بە زێد و نشـینگەی کوردەکان(دار الاکراد)بەناوبانگ بوو. (الیعقوبی،۲۰۰۲، ۲۰). هەر لە دەورانی ئەمەوی و عەباسـیش ئەو دابەش بوونە هەرێمی و ئیداریە دەبینرێت بەتایبەت هەرێمی ئـاران ئـازەربـایجـان و ئەرمینیـا کە شـوێنی هۆزی کورد و دەسـەڵاتی خۆجێیی و میرنیشـینەکان بووە. (ابن العبری۱۹۹۷، ۱۸-۱۹؛ ابن الاثیر، ۱۹٦۳، ۱۱۹) ، بڕوانە (حسـین، ۲۰۱۲؛ تۆفیق، 2010، محمود، 2001، رسول، 1999) .

وڵاتی کوردان لە سـەردەمی عەباسـی لەناو ئەو پێنچ هەرێمەی سـەرەوە دیاری کراوە . (ابو الفداء، تقویم،1840، 393،383، 409، محمد، 2014). لەگەڵ بەکارهێنانی ناوی جیا جیا بۆ ئەو سـنورە جوگرافیانە لەسەردەمی کۆن و ناوەڕاست و نوێ:- بڕوانە (خضر،2016، ۳٥؛ بشیرعواد، 1954).

ئینسـایکلۆپیدیای ئیسـلام دەسـتەواژەی کوردسـتان بەکاردێنێت لەسـەردەمی نوێ ئەگەرچی پێش هاتنی ئیسـلام و دەسـەڵاتی عەرەب، ئەو ناوچانە شوێن و دەسەڵاتی کورد بوونە، بەڵام لە سـەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی (550ك_1157ز) لەو ساتەوە بەکارهێنراوە The Encyclopedia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V. 5PP. 440؛ (227) . بۆ روونکردنەوەی ئەو ڕاستیەش لەسەرچاوەکانی ئاماژە بە وشـەی کوردسـتان کراوە. لەلایەن (حمدالله المسـتوفی القزوینی، 1336، ص127؛ 261؛ الهمدانی، دت، ۲٦۱). لەگەشـتەکەی مارکۆپۆلۆ ئەم زاراوەیە دەبینرێت. (مارکۆپۆلۆ، ۱۹۷۱، ٤٥). بەڵام سنورەکەی بەرتەسککردنەوەی بەخۆیەوە بینیوە، The Encyclopedia of Islam, Kurd Kurdistan, V.V, PP. 44. و بەڵگەش بۆ ئەم سنورە دەهێنێتەوە کە کوردستان لەرووی سیاسیەوە تەنها نەژادی کورد ناگرێتەوە، بەڵکوو تێکەڵاویەک لەگەڵ دەسەڵاتی هاوسێکانی پێوە دیارە. جگە لەوە لەسەردەمی سەلجوقییەکان ئەم بەشەیان بە (عێراقی عەجەمی) ناوی هاتووە. (یاقوت الحموی، ۲۰۰۷، مج۲، ۹۹).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.3: گرنگی و تێبینییە ڕەخنەییەکان لەمادەی (کورد و کوردستان):-

ماددەی کوردو کوردســـتان لە ئیســـکلۆپیدیا کۆکراوەیەکی ڕەگەزی و شـــوینەواری و کەلتوری بۆ نەتەوەی کورد، شێوەیەک لە ڕێکخستنی بابەتێکی مەیدانییە بۆ سیستەمی کۆمەڵگای کوردی زۆر جار جوانییە مێژوویەکان ناسنامەی کوردی بەدیار دەخات، جگە لەو ڕەخنەو تێبینیانە بەرچاو دەکەوێت:-

1-ئەم باسە ڕێنماییەکە، بۆ گەڕاندنەوە بۆ سەر ئەو سەرچاوانەی کە ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی کوردیان نوسیوە.
2-ئەم باسە کارێکی شیکاری نییە، زانیاریەکانی هیچ ڕێگایەک بە لێکۆلەر نادات بتوانێ حوکم لەسەر بابەتەکە بدات.
3-بابەتە مێژویەکان پچڕ پچڕ دانراون، ڕەنگە کەرستەی تایبەت بەبابەتی مێژووی هەبێت کە پێویستە باس بکرێت، لەگەڵ ئەوانەی خراوەتە باس و ڕیزبەندی بابەتەکە.
4-ئینسایکلۆپیدیا بۆبابەتی مێژووی کورد بەگشتی پێویستی بە ڕاستکردنەوە لەبواری دابەشکردنی قۆناغەکانی مێژوو هەیە، لەگەڵ بەراوردکاریووردتر لە ڕووداوە مێژووییەکان.
5-ناهاوسەنگیەک هەیە لە تێکەڵکردنی زانیاریەکانی مێژووی کورد لەسەردەمی ئیسلام.
6-ئینسایکلۆپیدیای مادەی کورد و کوردستان سەرچاوە گەلێک، بە بناغەیی دەژمێردرێت، بۆ ناساندنی کورد ڕۆڵێکی گرنگی لێکۆڵینەوە لە کورد و کوردناسیدا هەبووە .
7-بێگومان ئەگەر ئینســـایکلۆپیدیا نەبوایە، ئەوا ناو و ئامانجی ئەم هەموو کوردناســـە نەدەزانرا کە لەســـەردەمە جیاجیاکان لەســـەر کوردســـتانیان نوســـیوە بەجۆرێک بەرهەمەکانیان کەوتوونەتەوە نێو کتێبخانە و کوردی ســـاخ کراونەتەوە لەگەڵ ئەوەشـــدا زۆری دیکە ماون شـــایەنی ئەوەن لێیان بکۆڵدرێتەوە و شوێنیان بۆ بکرێتەوە.

## 3: باسی دووەم: هەرێمە کوردی و کوردنشینەکان:-

باسکردنی هەرێم و جوگرافیای ناوچە کوردیەکان کوردنشینەکان لە ئینسایکلۆپیدیا نایسەلمێنێت ئەو هەرێمانەی لەســـەردەمانی زووەوە تایبەت بە کورد بوون یاخود نشـــینگەی کوردی بوون، لەگەڵ ئەوە ئینسایکلۆپیدیا ژێدەرێکە دەیان سەرچاوەی ڕەسەنی تیابەکار هاتووە، ئەوەیان سەلماندووە و بوونی کوردی لە زۆر شوێن دیاریکردووە.

ســەبارەت بە زانیاریەکانی ئینســایکلۆپیدیا بۆ ئەم هەرێم و ناوچانە زۆر لایەن لەخۆوە دەگرێت، لەڕووی جوگرافیا و زمانەوانی و مێژووی و ســەرچاوەی ئابوری و رووداوە مێژووییەکان لەکاتی جیاوازدا.

### 3.1: هەرێمی جەزیرە:-

ئەم هەرێمە بە جەزیرەی (ئاقور) ناو دەبات، The Encyclopedia of Islam,Djazira, V.II, PP. 523؛ (یاقوت الحموی،معجم ، ٢٠٠٧، مج٢، ١٣٤). و بەئابوریش ناوی هاتووە. (یاقوت، المشــترک، ١٨٤٦، ١٠٢). هەر لەســەردەمی ئیســلام بە جەزیرەی شــامیش ناوی ناسـێندراوە. (زمخشــری، دت، ٦١). بەڵام هیچ ئاماژەیەک بەناوی ســەردەمی مێژووی نوێ کە جەزیرەی فوڕاتی نەکردووە. (حمادی، ١٩٧٧، ٣٨). سنورەکەیشی لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام لەڕووی ناوەکی و دەرەکیەوە دیاری کراوە بۆ سەردەمی ئیسلام دەگەڕێتەوە. لەڕووی ڕۆژهەڵاتەوە رووباری دیجلە لەڕۆژئاوا ڕووباری فورات. (المقدسی، ٢٠٠٣، ١٣٧ ؛ یاقوت الحموی، ٢٠٠٧، مج١، ١٣٤؛ البکری، ٢٠٠٣، ج٢، ٢٥؛ القزوینی، دت، ٣٥١). لەڕووی دەرەکیەوە لە باکور ئەرمینیا لە باشــور عێراق، لە رۆژهەڵات ئازەربایجان لە ڕۆژئاواش وڵاتی شــام The Encyclopedia of Islam,Djazira, v.II, PP. 523. زانیاریەکان لەســەرچاوە ئیســلامیەکان گواســتۆتەوە، دابەشــی ســێ کورەی کردووە ( دیاربەکر و دیار موزەر و دیاررەبیعە) The Encyclopedia of Islam, Djazira, vII, PP. 523.؛ (المقدسی، ٢٠٠٤، ١٢٥؛ القزوینی، بیروت، دت، ٣٥١؛ الانصاري، ، ١٨٦٥، ١٩١، القلقشندی، بیروت، ١٩٨٧، ج٣، ٣١٨).

ئەم هەرێمە لەڕووی مرۆییەوە دانیشتوانەکەی لە عەرەب و کورد و ئەرمەن پێکهاتووە، ئینسایکلۆپیدیا بوونی عەرەب لەم هەرێمە خاڵ لەســەر دادەنێت کە نیشــتەجێی کۆنی ئەم هەرێمەن جەخت لەوە دەکاتەوە،The Encyclopedia of Islam, Djazira, VII, PP. 523-524 . ئەگەرچی بوونی کورد و ئەرمەن باسی دەکات، بەڵام وەک وئاشکرایە هەرێمی جەزیرە هەر لەکۆنەوە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، بەبێ ئەوەی تیشک بخاتە سەر ئەمە. بڕوانە: (عزت، ١٩٩١). هەرێمــی جەزیــرە وەســف دەکات کە خاوەن ڕابردووەکــی درێــژەThe Encyclopedia of Islam, Djazira, vII, PP. 523 ؛ (یاقوت الحموی، ٢٠٠٧، مج٢، ١٢٤). ئەم وەسفەش بۆ هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی هەروەها مەڵبەندی خاکی دلێران و ســوارچاکان و پیاو چاک و پەیامبەران بووە. (ابن حوقل، ١٩٧٩، ١٩٠: المقدســی، ٢٠٠٣،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٢٤؛ خضر، ٢٠١٦، ٥٣). هەروەها بەکەمی تیشکی خستۆتە سەر باسی مێژووی نویٚ لەهەرێمی جەزیرە بەڵام شـوێنی گرنگی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی دەکەوێتە سـەر هێڵەکانی گەیاندنی عێراق و ئەنادۆڵ و عێراق و سوریا لەسەر دووریانی گەورە ناسراوە (الهلال الخصيب). The Encyclopedia of Islam, ALDjazira, vll, PP. 524. لە مێژووی سـەدەکانی ناوەڕاسـتیش شـوێنە گرنگەکەی کەوتۆتە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەکو نێوەندێک بووە بۆ بازرگانیW. Gordneast, 1966, PP. 193 . سەردەمی عەباسی بەتایبەتی گرنگی هەڵکەوتەی بازرگانی و ئابووری باس کراوە. (حمادی، بغداد، ١٩٧٧،ص٢٢٧.) ڕووداوە مێژوویەکانی پێش ئیسلام و سەردەمی ڕاشدین و ئومەوی زۆر بە کورتی تیشکی خراوەتە سـەر، بەڵام ئەوەی گرنگە مێژووی هەرێمی جەزیرە لە سـەردەمی عەباسـیەکان کە ئەم ناوچەیە چەندین دەسەڵاتی کەسایەتی و بنەماڵەی لە خۆوە گرتووە هەروەکو لە موصل (محمد بن صول)[2] ، (عبدالله بن علی)[3] ، (ولید بن طریف)[4] ، (هارون الشاری)[5] و (محمەد بن ابی ساج)[6] ، (الحمدانیون)[7] ، (المروانین) ، (العقلیون)[8] . لەگەل ئاماژە بەبارودۆخی ئابووری و سەرچاوەی ئاویەکان.

### 3.2: هەرێمی چیاکان (میدیا):

سـەبارەت بەم هەرێمە ئینسـایکلۆپیدیا زۆر بەکورتی ئاماژە بەناوەکانی لەسـەردەمە جیاجیاکاندا و سنورەکەی لەسەردەمی ئیسلامدا دەکات. ئەویش بەپشت بەستن بەسەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلام. بەبێ تیشك خستنە سەر هیچ لایەنێکی مێژوویی لەم هەرێمە. ناوەکەی بە هەرێمی چیاکان ناسراوە هۆکارەکەشی دیاردەکات کە چیای سەخت و بەرز دەڕوانێتە سەریان The Encyclopiedea of Islam, Djibal, V.II, PP. 534 ؛) الاصـطخری، 1961، 115؛ ابن حوقل، 1979ا، 304). هەروەها لە کۆندا وڵاتی میـدیـای پێ وتراوە. The Encyclopiedea of Islam, Djibal, V.II, PP. 534؛ (الهمـدانی، 1983، 79). جگە لەم ناوە، لە کۆندا بە وڵاتی (پەهلەوی)ش ناوی هاتووە. (ابن خرداذبة، 1988، 58، المقدسـی، 2003، 290). وە لە سـەردەمی ئیسـلام جیا کراوەتەوە لە عێراقی عەرەبی بۆ عێراقی عەجەمی ناوبردراوە، Encyclopiedea of Islam , Djibal, V.II, PP. 534 The؛ (یاقوت الحموی، معجم البلدان، مج2، 96). جگە لەمە ناوی (قوهسـتان) لەسـەر ئە ناوچەیە دانراوە، کە لە کوێسـتانی کوردیەوە هاتووە. چونکە لەگەڵ سروشتی ناوچەکە گونجاوە. (القزوینی ، دت، 294). سنورەکەشی بەشێوەی دروست هەروەکو سەرچاوەی وڵاتناسان دەستنیشان کردووە، کە لەلای ڕۆژهەڵات بیابانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆراســـان و لە ڕۆژئاواکەشـــی عێراقی عەرەبی، بەشـــێك لە ئازەربایجان وڵاتی دەیلەم لە باکوری و لەباشـــوریش هەرێمی خۆزســـتان و فارس. The Encyclopiedea of Islam, Diibal, V.II, Pp534؛ (الاصطخری، 1961، 106، ابو الفداء، ١٨40، 458).

## 3.3: هەرێمی ئەرمینیا:

(یەکێکە لەو هەرێمە کوردنشینانەی لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام زانیاری لەسەر کۆکراوەتەوە لە لایەن دوو ڕۆژهەڵاتناس) بە سەرچاوەی کۆن و ناوەڕاست و نوێ و سەرچاوە ڕۆژئاوایەکان بەستراوە.

جوگرافیای ئەو هەرێمە کەوتۆتە ناوەڕاســـتی ئاســـیا لەنێوان دوو زنجیرە چیای (بنطش)[9] لەباکور و تۆرۆس لە باشـور، هەروەها کە کۆکراوەی ئاوەکانن وەکوو ڕووباری فوڕات و دیجلە و ئاراس لەباشـور ڕووباری دیجلە لەباکوور ڕووباری ئاراس و فوڕات بێجگە لەو ڕووبارانە دەریاچەی وان (بحرە خلاط) (جیش) لەخۆ وەردەگرێت The Encyclopedia of Islam, ARminya, V.L, PP. 634. ســـنوری ئەم هەرێمە لە ڕۆژهەڵات هەرێمی ئـازەربـایجـان و دەریـای خەزەر لە بـاکور زنجیرە چیـاکـانی قۆقاز لە باشوریشەوە هەرێمی جەزیرە .The Encyclopedia of Islam, ARminya, V.L, PP. 634. سنورەکە کەم و کوڕی تێدایە، کەچی سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلام بەشێوەیەکی تەواو سنورەکەیان دیاری کردووە[10] ، تێکەڵکردنی زاراوەکانی مێژووی کۆن و ناوەڕاســـت و نوێ بۆناوی ڕووبار و دەریاچەکان بەرچاو دەکەوێت، چونکە بەپێی ســـەردەم ناوەکان گۆڕاون، بۆیە لە باســـکردندا نازانرێت ئایا وەســـفە جوگرافیاکە کۆنە یان ناوەڕاســـتە یان نوێیە .The Encyclopedia of Islam, ARminya, V.L, PP. 634. دەربارەی مێژووی ئەرمینیا تا ڕادەیەک مێژووی کۆن و سەردەمی ڕاشدین هەندێ زانیاری ورد خراوەتە ڕوو، بەڵام مێژووی دەوڵەتی ئومەوی و سەردەمی عەباسی یەکەم (١٣٢- ٢٣٢ ک /٧٥٠- ٨٤٧ز) بـارودۆخی ئـەرمینیـا بـاس نەکراوە، تـاکو ســـەردەمی خەلیفە (المتوکل) (٢٠٥-٢٤٧ک -٨٤٧-٨٥١ز ) لە شـــەڕێکی یەکلاکەرەوەی نێوان ڕۆمە بێزەنتییەکان و عەباســـییەکان لە ســـاڵی (٢٣٨ک/٨٥١ز) ئەرمینیا بـارودۆخی خراپی بەخۆیەوە بینیوە The Encyclopedia of Islam, ARminya, V.L, PP. 637 . هەروەها لەماوەی دەسەڵاتی عەباسییەکان، چەند سەرکردەو دەسەڵاتدارێک و بنەماڵەیەکی ئەرمەنی ســـەرپەرشـــتی ئەرمینیایان کردووە. ڕووبەڕووی هەموو ئەو دەســـەڵاتانە بوونەتەوە کە هەوڵیان داوە دەســـت بەســـەر ئەرمینیادا بگرن، تەنانەت عەباســـییەکانیش وەکو (اشـوط)[11] و ( سـمباط الاول)[12] و (

اشــوط الثانى)[13] و (ســمباط الثاني)[14] و ( گاكيک)[15] بەڵام ئەوەی گرنگە تایبەت بە لێکۆڵینەوەکەمان پەیوەندی ئەرمینیا بە کوردەوە کە ئەمەش لە سەردەمی( سمباط الثانى) و (گاكيک) بەدەر دەکەوێت The Encyclopedia of Islam, ARminya, V.L, PP. 63. بڕوانە بەشــی ســێیەم، جگە لە مێژووی دوروودرێژی ئەرمینیا لەســەردەمی عوســمانی و مێژووی نوێ و هاوچەرخ The Encyclopedia of Islam, ARminya, v.l, PP. 640-649.

**3.4: هەرێمی ئازەربایجان:**

هەرێمێکی فراوانە لە ئینسـایکلۆپیدیای ئیسـلام، بە (کورە)[16] فارسـی وەسـف کراوە کەواتە لەهەرێم بچوکتر بووە. لەگەڵ ئەوەشـدا ژماردنی شـارەکان نەک هەرێمی ئازەربایجان بەڵکوو هەرێمی ئارانیش لەخـۆ دەگـرێـت The Encyclopedia of Islam, Adharbaydjan, V.L, PP. 188 . ئەمەش لـێـک دوورخستنەی زانیاریەکان و دژ بەیەکی داڕشتنی بابەت بەدی دەکرێت چونکە لەگەڵ ئەوەی بە کورە وەسف دەکرێت، بەڵام لە چەندین شاری گەورە هاتووە. ناوی هەرێمی ئازەربایجان لەکۆندا دەخاتەڕوو لەگەڵ ناوەڕاست و نوێ هەروەها لە زمانی یۆنانی و ڕۆمی و ئەرمەنی و سریانی هەمووشی بۆناوی کەسـایەتییەک (ئەترۆپاتیس) کەسـایەتیەکی سـەردەمی ئەسـکەندەری مەقدۆنی بووە سـەربەخۆی هەبووە لەناوچەی میدیای بچوک، واتاکەشی (پارێزگاری لەئاگر) دێت The Encyclopedia of Islam, Adharbaydjan, V.L, PP.188.، بەڵام لەســەرچاوەکانی ســەردەمی ئیســلام ناوی ئازەربایجان بۆ نەوەی نوح (د.خ) یاخود (ماڵی ئاگر) دەگەڕێننەوە.[17] لێرەدا زیاتر پابەندی سـەرچاوەی ڕۆژئاواییەکان بوون نەك سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلام.

ســەبارەت بە جوگرافیـای هەرێمی ئـازەربـایجـان کەموکوڕی تێـدایە، لەگەڵ ئەوەی ئـامـاژە بە چەنـد ســەرچـاوەیەکی وڵاتنـاســـان و جوگرافینـاســـان دەکـات. کەمووکوڕی هەیە لەدیـاری نەکردنی سنورەکەی The Encyclopedia of Islam, Adharbaydjan, V.I, PP. 188. لەگەڵ ئەوەی سنورێکی دیاری کراوی لەلایەن وڵاتناســـانەوە بۆدانراوە بەجۆرێک لە ڕۆژهەڵاتی دەیلەم و جەیلان ڕۆژئاوای هەرێمی ئەرمینیا لای باکوری چیاکانی قۆقاز و ئاران و وڵاتی ئالانە لە باشــوریش هەرێمی چیا و عێڕاق. (ابو الفداء، التقويم، ١٨٤٠، ٣٨٦-٣٨٧؛ ســبـاهی زادە، ٢٠٠٨، ١٣٤) . گرنگی ئەم هەرێمە بەدیـار دەخـات چۆن ئـاوەکـان دەڕژێنە خـاکەکەی هەریەک لە دەریـای خەزەر و ڕووبـاری دیجلە و ڕووبـاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاراس و دەریاچەی ئورمییە .The Encyclopedia of Islam, Adharbaydjan, V.L, PP. 191 شوێن. و پێگەی کورد لە ســەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیەوە، دەیەمی زاینی بەدیـار دەخـات، کە چۆن دەسـەڵاتی کوردی میرنشـینەکان جوگرافیای ئەم هەرێمەیان بەدەسـتەوە بووە The Encyclopedia of Islam, Adharbaydjan, V.I, PP. 190. شوێنەکەشیان لە کەنارە ئاویەکانی دەریاچەی ئورمییە و سەرچاوەکانی زێی بچوک بووەThe Encyclopedia of Islam, Adharbaydjan, V.L, PP. 191؛ (ابو الفداء، 1840، 386-387؛ سباهي زادة، 2008، 134) . لەگەڵ ئەوەی سنوری لەلایەن وڵاتناسانەوە بۆ دانـدراوە بـە جۆرێـك لـە ڕۆژهەڵاتی دەیلەم و جەیلان ڕۆژئـاوای هەرێمی ئەرمینیـا لای بـاکوری چیاکانی قۆقاز و ئاران و وڵاتی ئالانە لە باشـوریش هەرێمی چیا و عێراق لەدیاریکردنی شـارەکانیش هەرێمی ئازەربایجان بە پشــت بەســتن بە ســەرچاوەی وڵاتناســان نزیکەی بیســت و پێنج شــار دەژمێردرێتThe Encyclopedia of Islam, Adharbaydjan, V.L, PP. 191؛(ابن خردادبة، بيروت، 1998، 196). ،بەڵام شـارەکانی ( خویّ و سـلماس) بە شـاری ئەرمینیا هەژمار کردووە. (المقدســی ، ۲۰۰۳، ۲۸۲): The Encyclopedia of Islam, Adharbaydjan, V.L, PP. 191.

### 3.5: هەرێمی ئاران:-

ئەم هەرێمە لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام کەمووکوڕی لە باسکردنیدا هەیە بەتایبەت لە رووی جوگرافی و شـارەکانییەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە هەندێ لە سـەرچاوەکانی سـەردەمی ئیسـلام لەگەڵ هەریەک لە هەرێمی ئەرمینیا و ئازەربایجـان و ئاران بەیەکەوە باس کراون. ( المهلبی ، ۲۰۰٦، ۱۳۹؛ الاصــطخري، ۱۹٦۱، ۱۰۸؛ ابن حوقـل، ۱۹۷۹، ص۲۸٥؛ مؤلف مجهول، ۱۹۹، ۱۱۹؛) يـاخود به (اقليم الرحاب) ناوبراون. (المقدســی، ۲۰۰۳، ۲۸۱). ،بەڵام بەتەنیاش باس کراوە تەنانەت ســنوری دیاریکراوی بۆدانراوە. (ابو الفـداء، ۱۸٤۰، ۳۸٦). هـەروەهـا لەگەڵ ئەرمینیـا دانراوە. (اليعقوبي، ۲۰۰۲، ۲۰۸، ابن فقة الهمداني، ۱۹۹٦، ٥٨٤)

ئینسایکلۆپیدیا لە ڕووی جوگرافیای سنورە ئاویەکەی لەنێوان ڕووباری ئاراس و رووباری کور ئەودیو و چیاکانی قۆقاز دەخاتەڕووThe Encyclopedia of Islam, Arran, V.L, PP. 660. زاراوەی ناوەکەی لەڕووی زمانەوانییەوە باس دەکات. بەتایبەتی لەلای گورجەکان و یۆنانییەکان و زێدەرە عەرەبییەکان ،بەڵام لە رووی واتایەوە لە زمانی ئەرمەنی بەواتای نەتەوە دێـت The Encyclopedia of Islam, .

Arran, V.I, PP. 66 چەند نموونەیەکی گرنگی مێژووی ســەردەمی کۆن و ڕاشــدین و ئومەوی و عەباسی هێناوەتەوە بەڵام ئەوەی گرنگە دەسەڵاتی شەدادیەکان لە سەدەی چوارەمی کۆچی دەیەمی زاینی The Encyclopedia of Islam, Arran, V.I, PP. 660.

## ئەنجام

1- توێژینەوەیە کە گرنگی کتێبی ئینساکلۆپیدیا بە دیار دەخات کە چۆن ڕۆژئاواییەکان ئاشنا بەمێژووی کورد لە سەردەمی ئیسلامیدا کردووە.

2-لەم تویژینەوەیە بۆمان روون دەبیتەوە کتێبی ئینسایکلۆپیدیا ئیسلام دةتوانریت پشتی پیبەستری بۆ میژووی نەتەوەکانی ئیسلام و رۆژهەلات کورد بەتایبەتی ،بەلام دوای بەراوردکاری لەگەل سەرچاوەی بەردەست .

٣- ئەوەی ڕوونە کە ڕۆژهەڵاتناسان لەبەرچاو پێشخستی مێژووی فرە لایەنەی کورد، دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواری رەگەز، جوگرافیا، مێژوو، زمان، ئاین، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خەڵکی هۆزگەری کۆن و ناوەڕاست، نویٚ،

4- هەروەها ڕۆژهەڵاتناسان گرنگیان بە زمان و کەلتووری کوردی داوە بەتایبەت لە ژێدەرە گشتیەکان کە ئینساکلۆپیدیا.

5- لە نوسینی زانیاریەکان ئینسانکلۆپیدیا لەباسی کورد و جوگرافیاکەی لە سەردەمی ئیسلام ڕێبازی جیاواز دەبینرێت لە نووسینیدا، چونکە چەند ڕۆژهەڵاتناسێك هەستاون بە نوسینی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پەراویزەکان

1 -شاریکە لەهەریمی جەزیرە لە کورەی دیار رەبیعە.(المقدسی، ٢٠٠٣،١٣٧)

2 محمد بن صول:- لەبەغدا لەدایک بووە باپیری لە بانگەوازیکەرانی عەباسی بوو لە بەغدا لەدایک بووە، لەخزمەتی سێ لە خەلیفەکانی عەباسی بوو لەساڵی ٣٣٥ک- ٩٤٦ز مردووە. (ابن القفطی، ١٩٨١، ٦٥).

3 عبدالله بن علی:- یەکێکە لەئەمیرەکانی عەباسی مامی خەلیفەی یەکەم و دووەمی عەباسی بوو، توانی سەرکەوتن بەسەر لەشکری ئومەویەکان لە شەری زاب لەسەردەستی ئەبوو موسلم خۆراسانی شکستی هێنا. (الذهبی، ج٦، ١٦٢) ،

4 ولید بن الطریف الشاری:- یەکێکە لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی خەوارج لەناوچەی نسیبین و خاپوور لەسەردەمی خیلافەی هارونە رەشید لەساڵی (١٧٩ک- ٧٩٥ ز) دەرچوو. (اليعقوبي، التأريخ، 2009، مج٢، ٢٨٨).

5 هارون الشاری:- سەرکردەیەکی خوارج بوو لەموسڵ سەری هەڵدا لەساڵی( ٢٨٣ک- ٨٩٦ ز) توانی کورد و عەرەب لە دەورووبەری خۆی کۆبکاتەوە، (خلیفە المعتضد) توانی لەناوی ببات.(الذهبی، تأریخ، السلام، ٢٠٠٣، ج٦، ٦٥١.)

6 محمد بن ابی ساج:- سەرکردەیەکی سوپای بوو لەدوای (ابی ساج) لە ئازەربایجان دەسەڵات دار بوو لەساڵی ٢٨٨ک مردووە . (مراد، عدد، ٤،، ٢٠١٦، مج١٠، ١٦٢).

7 الحمدانیون:- میرنشینێکی ئیسلامی شیعەیە: لەلایەن ( محمەد بن حسن بە ابی هیجاء) ناسراوە بە (ناصرالدولە) لە موسل و جەزیرە لە (٣٢٠ک-٩٣٠ ز) سەری هەڵداوە. (الازدي، ١٩٨٥، ١٢).

8 العقیلیون:- بنەماڵەیەکی خاوەن دەسەڵات بوون لەموسڵ لەنێوان ساڵانی ٣٨٦-٤٨٩ک-٩٦٦ز -١٠٩٢م . حوکمیان کردووە، دامەزرێنەری (المقلد بن المیسب و قرواش بن بدران) بوو( سعيد٢٠١٣، ٦٧-٨٨).

9 بنطش:- زنجیرە چیایەکە دەروانێتە سەر دەریای بنطش لە باکوری وڵاتی تورکیا درێژ دەبێتەوە لە رۆژئاواو و باشوور هەتاوەکو دەگاتە دەریای شام. (البغدادي، ١٤٠٢ه، ج١، ٢٢٥) .

10 سنورە گشتییەکەی ئەم هەرێمە لەگەڵ دەورووبەردا وڵاتی گورستان و رۆژهەڵاتی ئازەربایجان دەکەونە بەشی رۆژهەڵات، بەری رۆژئاوای وڵاتی رۆمە لە باکوریەوە وڵاتی کەرەج لەگوندی چیای قەوقاز، هەرێمی جەزیرەش لەلای باشوریەوەیە. (محمد الله المستوفي القزويني، ١٣٣٢، ١١١؛ القلقشندی، 1987،ج٤، ٣٥٤؛ سباهي زادة، 2008، ٣٣).

11 اشوط:- یەکێکە لە پاشاکانی ئەرمەن لە ساڵی ٢٤٦ک-٨٦١ز دەبێتە دەسەڵاتداری ئەرمەن لە ئەرمینیا، پەیوەندی باشی لەگەڵ عەرەب هەبوو دانیپێنرایە لەلایەن خەلیفەی عەباسی و بیزەنتیەکان. (حلاء قداوی، ٢٠٢٠، 79).

12 سمباط الاول:- یەکێکە لەو سەرکردە و پاشایەی لە ئەرمینیا لە نێوان ساڵانی (٨٩١ز-٩١٤ز) حوکمی کردووە. توانیویەتی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی پێک بهێنێت بەتایبەتی لە رووبەرووبوونەوەی دەوڵەتی عەباسی. (ئارجیان، ١٩٥١، ١٧٢-١٧٧).

13 اشوط الثاني:- یەکێکە لە سەرکردە ئەرمەنییەکان لە ساڵی ٢٧٢ک دەبێتە دەسەڵاتدا توانی سیاسەتی هاوسەنگی لەنێوان عەرەب و بێزەنتیەکان رابگرێت لەلایەن خەلیفەی عەباسی بە شاهێنشای ئەرمەن ناسراوە. (حسن، 2009، 205).

14 سمباط الثاني:- لەنێوان ساڵانی ٩٧٧-٩٨٩ز. حوکمی ئەرمینیای کردووە بەکەسایەتیەکی رۆشنبیر وەسف کراوە، پارێزگاری لە دەسەڵاتی کردووە زیاتر خەریکی کاروباری ناوخۆ بووە. (ئاریجان، ١٩٥١، ١٩٠).

[15] گاکیك:- حوکمی دەسەڵاتەکەی لە ٩٨٩ز - ١٠٢٠ز بووە دوای براکەی سمباطی دووەم خەلیفەی عەباسی نازناوی شاهاندی پێ بەخشیوە. (ئارجیان، ١٩٥١، ١٩٢).

[16] کورە:- لەهەرێم بچووکترە لە شارگەورەترە، لەرووی ئیدارییەوە ژمارەیەک لە شار و ناوچە لەخۆ دەگرێت. (خۆشناو، ٢٠٠٩، ج١٣١-١٣٢).

[17] یاقوت معجم البلدان، (٢٠٠٧، مجا. ١٢٨، بڕوانە:- النقشبندي، ١٩٨٤، ٣٤-٣٧، اسماعیل، ١٩٩٥، ١٠).

## سەرچاوەکان:


1. ابن عبدالحق البغدادي: صـفي الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق (739ه/1338م), (1954م), مراصـد الاطلاع على اسماء الامكنه والبقاع تحقيق و تدقيق :علي محمد البجاوي،دار الاحياء الكتب العربيه، القاهرة.
2. ابن الاثير: عزالدين ابي الحسـن علي بن ابي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشـيباني (ت 630 ه /1232م)، التاريخ الباهر في الدوله الا تابكية (بالموصـل)، تحقيق: عبدالقادر احمد طليمات ، ملتزم الطبع والنشر : دار الكتب الحديثة،(القاهرة :1963م )
3. ابن العبري: ابو الفرج جمال الدين غريغوريس اهرون (ت:685ه/1286م), (1997م)، تاريخ مختصر الدول، الطبعه الاولى، وضع حواشيه: خليل منصور ، دار الكتب العلميه، بيروت.
4. ابن الفقيه الهمذاني: (1996م), ابي عبدالله احمد بن محمد بن اسحاق (ت:356ه/975م), (1996م), البلدان، الطبعه الاولى، تحقيق: يوسف الهادي،عالم الكتب للنشر، بيروت.
5. ابن القفطي: جمال الدين ابي الحسـن علي بن يوسـف (ت:642ه/1246م),(1336ه) اخبار العلماء بأخبار الحكماء، عني بتصحيحه: احمد الخانجي، مطبعه السعادة، د/م. ب-المكتبه العصرية ،(بيروت:2004م).
6. ابن بطوطه: ابو عبدالله محمد بن ابراهيم الطنجي (ت:779ه/1377م)، (2007 م)، تحفه النظار في غرائب الامصاروعجائب الاسفار (رحله ابن بطوطه)، الطبعه الثالثه، دار صادر، بيروت.
7. ابن جبير: ابي الحسـين محمد بن احمد بن جبير الكنانى الاندلسـى(ت:614ه/1217م)., (1959م), رحلة ابن جبير المعروف باسم (تذكرة باخبار عن اتفاقات الاسفار)، دار صادر للطباعة والنشر ، بيروت.
8. ابن حوقل: ابي قاسم بن حوقل النصـيبيني (ت:367ه/977م), (1979م), صـورة الارض، طبعه دار المكتبه الحياة، بيروت.
9. ابن خرداذبه: ابو القاسم عبيدالله بن عبدالله (ت:280 ه/897م), (1988م), المسالك والممالك، الطبعه الاولى، وضع مقدمته و حواشيه وفهارسته: محمد مخزوم، دار الاحياء التراث العربي ،بيروت.
10. ابن رسـته: احمد بن عمر (ت:بعد 290ه/903م). (1891م), الاعلاق النفيسـه، طبعه بريل، (ليدن. اعادت طبعه بالاوسفت مكتبة المثنى ،بغداد .
11. ابن شـداد: عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم (ت:684ه/1285م), (1978م), الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشـام والجزيرة، (قسـم الجزيرة)، تحقيق : يحيى العبارة، منشـورات وزارة الثقافه والارشـاد القومي، دمشق.
12. ابو الفداء: عماد الدين اسـماعيل بن محمد نورالدين (ت:732ه/1331م), (1840م), تقويم البلدان، اعتنى بتصحيحه وطبعه: رينوماك كوكين، دار الطباعه السلطانيه، باريس.
13. احمد شمس الدين،(2002م), دار الكتب العلميه، بيروت: .
14. الادريسـي: محمد بن محمد بن عبدالله بن ادريس بن يحى الحسـيني (ت:560ه:1165م)، نزهة المشـتاق في ذكر الامصار والاقطار والبلدان، مجهول مكان وسنة الطبع.
15. الازدى: على, 1985, بن ظافرك اخبار الدولة الحمدانية بالموصـل والحلب وديار بكر: تحقيق تميمة الروف ،بيروت ،لبنان دار الحسان.

16. الاصطخري : ابو اسحق ابراهيم بن محمد الفارس(ت:346ه/957م)، (1961م) المسالك والممالك، تحقيق: محمد جابر عبدالعال الحسني، مراجعه: محمد شفيق غربال،دار العلم،القاهرة.
17. بكر : حكيم احمد مام: (2009م) ,الكورد وبلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين(232-626ه/847-1229ز)،الطبعة الاولى،دار الزمان للطباعة والنشر، بيروت .
18. البكري:عبيدالله بن عبدالعزيز الاندلسي (ت:487ه/1095م), (1998م)، معجم ما استعجم من اسماء البلاد والمواضع، الطبعه الاولى ،حققه:جمال طلبه، دار الكتب العلميه،بيروت .
19. البلاذرى: احمد بن يحيى بن جابر ،(ت:279ه/892م)، (1978), فتوح البلدان،عني بمراجعة والتعليق عليه: رضوان محمد رضوان ، دار الكتب العليمه، بيروت.
20. حسن: احمد ،( 2009), ارمينيا فى تاريخ العربي، القاهرة ،دار الكتب.
21. الحسيني : عبدالرزاق: 1958, العراق قديما والحديثا،مطبعة العرفان ،صيدا.
22. حمادي: محمد جاسم: (1997م), الجزيرة الفراتية والموصل ،دراسة في التاريخ السياسي والاداري، دار الرسالة للطباعه، بغداد.
23. حمدالله المستوفي القزويني: بن ابي بكر بن محمد بن نصر (ت: 750 ه/1349م), (1362ه.ش), نزهة القلوب،بسعي واهتمام تصحيح: كي ليسترانج،چاپخانه، ارمغان ، تهران.
24. الحميري: ابو عبدالله محمد بن عبدالمنعم الصنهاجي (ت:710ه/1309م), الروض المعطار في خبر الاقطار ، الطبعه الثانيه، تحقيق: احسان عباس، مكتبه لبنان، (بيروت:1985م).
25. الذهبي: شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان (ت:748ه/1374م), (1998م), تاريخ الاسلام ووفيات المشاهر والا علام، الطبعه الثانية ،تحقيق: عبدالسلام تدمري ، دار الكتاب العربي، بيروت.
26. الذهبي: شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان (ت:748ه/1374م), سير اعلام النبلاء، (1986م), تحقيق: عواد معروف و مجى هلال سرحان ، مؤسسه الرسالة، بيروت.
27. رسول : اسماعيل شكر: (2001م), الامارة الشداديه الكرديه في بلاد ئاران من (340الى595ه/951-1198م)،دراسة سياسية حضارية، الطبعه الاولى،مؤسسه موكرياني للطباعه والنشر،مطبعه وزارة التربية،(أربيل).
28. الزمخشري: ابو القاسم محمود بن عمر الزمخشري (ت:583ه/1187م), (د.ت),الجبال والامكنة والمياه ، تحقيق : ابراهيم السامرائي ،دار عمار، (د/م).
29. زينوفون: (4ق.م), (1985م), رحلة العشرة الاف (الحملة على فارس )ترجمها عن الانكليزيه :يعقوب افرام منصور، منشورات مكتبه سيام، موصل.
30. ساطح : اكرم: (د.ت), القلاع والحصون في سورية،نشر وتوزيع:دار دمشق،مطبعه فتى العرب، دمشق.
31. سباهى زادة:محمد بن على البروسى (ت:997ه/1589م), (2008م), اوضح المسالك الى معرفة البلدان و الممالك، الطبعة الثانية،تحقيق: المهدى عيد الرواضية، مطبعة الصراط، دار الغرب الاسلامى، بيروت.
32. سهراب: ابن سرابيون(ت:بعد سنه 300ه/912م), (1929م), كتاب عجائب الاقاليم السبعه الى نهايه العمارة، اعتنى بنسخه وتصحيحه، هانس ظون مذيك ، مطبعه دولف هولز هوزن، ظينا.
33. شيخ الربوةالانصاري: شمس الدين ابو عبدالله محمد ابي طالب الصوفي الدمشقي المعروف (بشيخ الربوة)(ت:727ه/1326م), _1865), نخبة الدهر في عجائب البرو البحر،طبع فى المدينة بطربورغ المحروسة فى المكتبة الاكادمية امبراطورية.
34. عزت : فائزة محمد: (1991م), الكرد في اقليم الجزيرة وشهرزور في صدر الاسلام، اربيل.
35. عياش: عبدالقادر : 1968, الرقة الكبرى المدنالراتية القديمة : ديرزور.
36. قدامه بن جعفر: ابو الفرج الكاتب البغدادى(ت:320أو337ه/932أو942م), (1981م), الخراج وصناعة الكتابة، تحقيق: محمد حسين الزبيدي، دار الرشيد للنشر، بغداد.
37. القداوى: زياد علاء ، 2020, اوظاع السياسية ي بلاد القفقاس في القرنين 6-7ه .

38. القزويني: ابو عبدالله زكريا بن محمد (ت:622ه/1283م), (د.ت), اثار البلاد واخبار العباد، دار صـــادر، بيروت.
39. القلقشـــندي: ابو العباس احمد بن علي (ت:821ه/1418م), (1987م), صـــبح الاعشـــى في صـــناعة الانشاء،الطبعه الاولى، شرحه وعلق عليه قابل نصوصه:محمد حسين شمس الدين، دار الفكر، القاهرة .
40. ليســـترنج: كي: (1985م), بلدان الخلافه الشـــرقية،الطبعه الثانية،ترجمه:بشـــير فرنســـيس وطورطيس عواد،مؤسسه الرسالة، بيروت.
41. المائي : انور: (1960م), الاكراد في بهدينان،مطبعه الحصان،(الموصل:1960م).
42. محمود : أحمد عبدالعزيز: (2001م), الامارة الهذبانية الكردية في اذربيجان وأربيل والجزيرة الفراتية من (293-656ه/905-1258م)،دراســـة ســـياســـية حضـــارية،الطبعه الاولى مؤســـســـة موكرياني للطباعه والنشر،مطبعه وزارة التربية، أربيل.
43. مسعر بن مهلهل: ابى دلف الخزرجي (ت:384ه/994م), (1960م), الرسالة الثانية،عني بنشرها وترجمتها وتعليقها:بطرس بولغاكوف وانس حالدوف، دار النشر الاداب الشرقية، موسكو.
44. المسعودي: ابو الحسن علي بن الحسين علي (ت:346ه/956م), (د.ت), مروج الذهب ومعادن الجوهر،الطبعه الاولى،اعتنى بتصحصحه:يوسف البقاعي، دار الاحياء التراث العربى، بيروت.
45. المقدســـي: شـــمس الدين محمد بن ابي بكر (ت:381ه/991م), (2003م), احســـن التقاســـيم في معرفة الاقاليم،الطبعه الاولى،تحقيق:محمد امين الضناوي،دار الكتب العلمية ،بيروت.
46. المهلبي: حسن بن احمد (ت:380ه/990م), (2006م), المسالك والممالك المعرف بكتاب (العزيزي)، الطبعه الاولى، جمعه وعلق عليه وضع حواشيه: تيسر خلف،التكوين للنشر وطباعه، دمشق.
47. مؤلف مجهول: (ت:367ه/977م), (1999), حـدود العـالم من المشـــرق الى المغرب، الطبعـه الاولى،تحقيق:موسى الهادي،دار الثقافه للنشر، القاهرة.
48. ناصـر خسـرو: ابو معين الدين القباداني المروزي (ت:481ه/1088م), (1945م), سـفرنامه،الطبعه الاولى ،ترجمه:يحيى الخشاب،مطبوعات معهد اللغات الشرقية، القاهرة.
49. الهمداني: ابو محمد الحســن بن احمد بن يعقوب (ت:334ه/945م), (1983م), صــفه جزيرة العرب،الطبعه الثالثة ،تحقيق:محمد بن علي الاكوع،مركز الدراسات والبحوث، صنعاء.
50. ئارجيان: 1951, تاريخ الامة الارمنية، مطبعة الاتحاد الجدييدة الموصل .
51. ياقوت الحموي: شـــهاب الدين ياقوت بن عبدالله الرومي البغدادي (ت:626ه/1229م), (1846م) المشـــترك وضعا والمفترق صقعا ،طبعه كوتنكن، د/م , معجم البلدان،(2007م), الطبعه الاولى ،دار صادر، بيروت.
52. اليعقوبي:أحمد بن ابي يعقوب اسحاق بن واضح (ت:292ه/895م), (2002م), البلدان،الطبعه الاولى،وضع حواشيه:محمد امين ضناوي، دار الكتب العلميه، بيروت.
سێیەم: سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:
53. تابانی، حەبیبوڵڵا، هاونەتەوەیی كورد و ماد، (2010), وەرگێرانی جلیل كادانی،چاپی دووەم, هەولێر.
54. شەرەفخانی بەدلیسی: (م:1010ك/1601ز), (1973), شەرەفنامە،وەرگیرانی هەژار موكریانی،
55. ئەفرەغ: حەسەن،( 2009), كوردەكان، وەرگێرانی: سامان عبدالله ، چاپی یەكەم، ب.ش.
56. ئول فيلجيسكی: ( 2016), نەژادی كورد, هەولير.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Analysis of Islamic Ensclopidea About Kurdish Concept and Kurdish Region in Islamic Century

**Tara Mohammed Khdir**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
tara.khdir@suedu.krd

**Hakeem Ahmed Mambakr**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Hakeem.mambakr@su.edu.krd

***Keywords:*** *Encyclopedia, Source, West, Kurd, Orientalism.*

## Abstract:

This dissertation Is titled (Analyze the Islamic Encyclopedia) that addresses the concept of Kurd and Kurdish Danisties in the Islamic era. It is a comparative study of the information inside the Islamic Encyclopedia that collected by several orientalist. It means that the Islamic Encyclopedia is a work of several orientalists that able to collect information about Middle East in general and Islamic nations in particular.

Kurds have been addressed by this encyclopedia as one of the Islamic nations. This dissertation discusses Kurdish ancient, medieval and new history. It sheds light on Kurds and Kurdish amnesties in the Islamic era, which is scientifically significant.

Despite the shortcomings in the Islamic Encyclopedia when it studied Kurds, however, it successfully able to deliver the history of Kurds, their political system and environment to readers in different languages. Especially the history of Meds that defined as Kurds who had different clans and tribes.

In the Islamic era, we can notice that the encyclopedia also addressed the area as Kurdish based on the Kurdish tribes and clans that inhabited there.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## الكرد والاقاليم الكردية في العصر الاسلامي في تحليلات دائرة المعارف الاسلامية

**الملخص**

تعد دائرة المعارف الاسلامية (الانسكلوبيديا الاسلامية) من المؤلفات القيمهة التي قام باعدادها عدد من المستشرقين من حيث وفرة المعلومات التاريخية و تغطية الازمنة المتعاقبة من العصر القديم الى الوسيط ثم الى الحديث للامم و الشعوب الاسلامية، ومنهم الكورد بلاده و تاريخه، ماضيه و حاضره، فيهدف هذا البحث المعنون ب(الكرد والاقاليم الكردية في العصر الاسلامي في تحليلات دائرة المعارف الاسلامية) الى دراسة ما أوردته المستشرقين حول مفهوم الكورد و الاقاليم الكردية في العصر الاسلامي في طي صفحات الانسكلوبيديا و النظر في المعلومات الواردة فيها كجزء من الامم و الشعوب الاسلامية التي وردت ذكرهم فيها، وقد تجمن الموضوع دراسة نقدية مقارنة و في سياق علمي و منهجي لما يحتويه الانسكلوبيديا من تحليلات و معلومات سواء كانت موثقة ام غير موثقة حول الكورد و بلادهم و قصور نظر بعض المستشرقين حول مكانة الكورد و دورهم الرائد في شتى مجالات الحياة و حضورهم الحضاري في التاريخ الاسلامي، الان أن الانسكلوبيديا بات مصدرا هاماً و معتبرا للغربيين بصورة عامة، حيث ترجمت الى العديد من اللغات العالمية، وتكمن أهمية الانسكلوبيديا بالنسبة لتاريخ الكورد من وجهة نظر الباحث الى تميزو تبويب كل ما يتعلق بالقبائل والكيانات الكوردية و نفوذهم ، تراث الكرد، تقاليدهم ولغتهم، حسب العصور الاسلامية المختلفة، و تفيد الانسكلوبيديا بمعلوماته و اشاراته الى مناطق نفوذ القبائل في الاقاليم الكوردية و الى الحكام والشخصيات الكوردية في تلك الاقاليم ، مما يثبت القيمة العلمية للانسايكلوبيديا الاسلامية